## كاك فارووق ئیلخانی زاده

لێرەوە سرنجی خوێنەر بۆ زانیاریەکانی کەسێک رادەکێشم کە هەموو ژیانی خۆی بۆ وەرزش بە گشتی و بە تایبەت فوتباڵ تەرخان کردوە و زۆر جار تووشی لاق و دەست شکان بووە و بڕوا ناکەم کەس بە قەرا ئەو، تەپ و تۆزی مەیدانی فوتباڵی شاری بۆکانی هەڵمژیبێ. لە نزیکەوە لە گەڵ خۆشی و ناخۆشی وەرزشی بۆکان ژیاوە، زۆر هاندەرم بوو بۆ نووسینی ئەو بابەتە و بە لە ئیختیار دانانی بەڵگە و وێنە، ئەو بابەتەی دەولەمەندتر کردوە.


کاك فارووق ئیلخانی زاده

کاك فارووق دەڵێ: لە ساڵی 1327 هەتاوی لە گوندی قەرەگوێز سەر بە ناوچەێ بۆکان لە دایك بووم. لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا یاری فوتباڵم دەست پێ کرد. تەنیا هاندەر و یارمەتیدەری مەن ئەو کات رێزدار سولەیمان کەریمی خەڵکی سابڵاغ بوو، کە لە بۆکان وەك کارمەندی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش و مامۆستای وەرزش کاری دەکرد. لە تەنیشت ماڵی خۆمان زەویەکی کەشاوەرزی هەبوو کە میدانی فوتباڵ و والیباڵ و باسکتباڵیان لێ ساز کردبوو. زۆربەی کاتم لەم شۆینە بەسەر دەبرد. پاشان لەسەر ئەو زەوییە قوتابخانەی کەشاوەرزیان ساز کرد کە دوای شۆڕشی خەڵکانی ئێران ناوەکەی بوو بە قوتابخانەی شەهید کەماڵ.

کاك فارووق لە بیرەوەرییەکانیدا لەسەر یەکەمین کێبەرکێی فوتباڵ ئاوا دەڵێ:

لە ساڵی 1345 ی هەتاوی لە شاری مەهاباد کێبەرکێی فوتباڵی ئاموزشگاهی ئوستان دەستی پێ کرد. بۆکان بۆ یەکەمین جار بوو لە کێبەرکێی بەم جۆرە بەشداری دەکرد. ئەو کات لە بەر ئەوەی کە تیمەکەمان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تیمی مەهاباد و تیمەکانیتر زۆر لاوازتر بوو، تەنیا دوو یاریمان کرد کە هەردووکیانمان دۆڕاند و گەڕاینەوە بۆ بۆکان.



هەوەڵین تیمی فوتباڵی بۆکان لە ساڵی 1345 ی هەتاوی مەهاباد

لە چەپەوە-حوسێن مرادبەگی، مەنوچهر مەلک رەشیدی، ئەحمەد جەهانێ، عومەر حەمیدی، عومەر نوورانی، فارووق ئیلخانی زادە، مەحمەد ئازەری، جەعفەر عەزیزی، عوسمان ئیلخانی زادە، عومەر حەدادی، محی الدین کەریمی



دوای ئەو یاریەانە هێندێك لەم دۆستانە بە تەواویی لە فوتباڵ دوور کەوتنەوە و چەند کەسێک وەک خۆم و عوسمانی برام و جەعفەر عەزیزی و عومەر نۆرانی و... ماینەوە. لیرە دا پێویستە ئاماژە بەمە بکەم کە لە ژیانی فوتباڵم دا هەموو کاتێك لە مەیداندا حازەر بووم و لە تەواوی کێبەرکێکاندا وەک کاپیتان یان مورەبی یان سەرپەرشت بەشدار بووم و بە گشتی بیست و پینج ساڵ یاریم کردووە. لەو ماوەیە دا لەگەڵ سێ وەچە ئاشنا بووم، وەچەی هەوەڵ کە باسەم لێوە کرد. وەچەی دووهەم بریتی بوون لەم بەڕێزانە کە لە وێنەی خوارەوەدادەبینرێن، و زۆر بەداخەوە چەند کەسێك لەم ئازیزانە لە ناوماندا نەماون. یادیان پیرۆز بێت و جێی پێی ئەم ئازیزانە هەمیشە دیارە و هیچ کات لە بیر ناچن.



لە راستەوە: فارۆق ئیلخانی زادە، عوسمان توتوونچی، عوسمان ئیلخانی زادە، مەرحووم عومەر عەزیزنیژاد. جەعفەر عەلیار، محەمەد نەعلبەندی، مەرحووم محەمەد محەمەدی، مەرحووم برایم وەلیزادە، ئەحمەد پاکار، حەسەن سوڵتانیان، جەمشید عەلیار. ساڵی 1350 ی هەتاوی



تیمی ئازاد - بۆکان لە ساڵی 1350 ی هەتاوی

لە چەپەوە: مەحمود حیسامی، رەزا نەسیری، جەعفەر غەفووری، رەزا بیگلەری، فاروق ئیلخانی زادە، عوسمان عەزیزی، دانێشتوان لە راستەوە: برایم زەڕین، عەلی قادری، رەحیم فاتحی، عوسمان غەفوری



هەوەڵێن تیمی پڕسپۆلیسی بۆکان، راهێنەر: فارووق ئیلخانی زادە

راوەستاو لە چەپەوە: عومەر نوورانی، ساڵە شێرمەحمەدی، عەزیز فەرامەرزی، مەرحووم برایم وەلیزادە، باقی بهیار، مەرحووم مەحمەد رەحمانی، مەرحووم عومەر عەزیزنژاد، خالید قوڕەیشێ، حەسەن سوڵتانیان

دانیشتوان لە راستەوە:جەمشید عەلیار، مەرحووم هاشم کووچەری، ئەنوەر ئەسکەندەری، فارۆق ئیلخانی زادە، جەعفەر مەردانبەگی



تیمی هەڵبژاردراوی بۆکان 1345 ی هەتاوی

راوەستاو لە چەپەوە: حوسین مەلەکپوور، محەمەد محەمەدی، حوسێن مرادبەگی، عوسمان توتونچی، حەسەن پالەوان، عوسمان عەزیزی، حوسێن عەبدوڵاهی، فەتاح ئیلخانی زادە، فاروق ئیلخانی زادە، سید رەسوڵ عەزیزی،

دانیشتووان لە راستەوە: محی الدین کەریمی، مەرحەوومی بەرایم وەلی زادە، جەعفەر شەکرانی، عوسمان ئیلخانی زادە، عومەر فەرج زادە

لە ساڵی 1351 ی هەتاوی کێبەرکێی شارۆچکەکانی ئوستان لە بۆکان بەڕێوە چوو کە بریتی بوون لە قەرە زەیاالدین، پولدەشت، شنۆ، شاهیندژ و بۆکان ... شنۆ لەگەڵ بۆکان کەوتنە یاری کۆتایی و لە ئەنجامدا بۆکان بە گۆڵی عوسمان ئیلخانی زادە یەك بە هیچ بردیەوە و هەوەڵ هاتینەوە.

بەهۆی نەبوونی ئیمکانات وەک: مەیدان و تۆپی باشی یاری کردن و کارکەر بۆ خاوێنکردنەوەی مەیدان، شەوێک پێش کێبەرکێ لەگەڵ دۆستان بو پێشگری لە تۆز و خۆڵی یەکجار زۆری زەوی یاری، دەچوین مەیدانمان ئاوپرژێن دەکرد و ورکە بەردەکانی سەر زەویمان کۆ دەکردەوە. زەویەکە هێندە ئیشك و رەق و تەق بوو، کاتێك دەکەوتین، تا یك دو حەوتوو برینەکان سارێژ نەدەبوون و ئازاریان دەداین.

جوان لە بیرمە رۆژێك لە مەیدانی فوتباڵ یاریمان دەکرد، تۆپەکەمان کەوتە سەر شەقامی ئاوبەندی بۆکان کە لە پەنا مەیدانەکە بوو و وەبەر مینیبووسێك کەوت و تەقا. بە خۆشیەوە شۆفیری ماشینەکە کاک کەریم ئەفخەم بوو. بەیانی لە جیاتی یەک، دو تۆپی تازەی بوو هێنایین. مەبەست لەم باسە ئەوەیە، تەنانەت خەڵیش دەیانزانی کە ئێمە بێ ئیمکاناتین و زۆر جار یارمەتیان دەداین کە ئەوەش دەبوو بەهاندەرمان تاکو لە حاند شارەکانی تردا باشتر بین. ئەفسەریکی شارەبانی، بەناوی مەتین پور، کە کورد و خەڵکی شاری سنە بو، لە شارەوانی بۆکان خزمەتی دەکرد. بوو بە بەرپرسی تیمی پاس. مرۆڤێکی رۆح سووک بوو بەڵام ئەوەی لێی تێ نەدەگەیی، فوتباڵ و یاساکانی بوون. رۆژێك لەگەڵ تیمی سنە کێبەرکێمان هەبوو و جەناب سەروانێش بە خۆی و پازدە بیست پاسەوان بۆ هێمن راگرتنی

بارۆدۆخی یارییەکە لە مەیدان دا بڵاو ببوونەوە. تیمی بۆکان یەك بە هیچ لە سنە لەدوا بوون، ئاخر و ئۆخەری یاریەکە بوو کە تۆپێک کەوتە بەر لاقم و منیش راستەوخۆ بۆ ناو گۆلەکەم لێدا کە سەد لە سەد گووڵ دەبوو. جەناب سەروان کە لە تەنیشت دەروازەی سنە راوەستابوو، هەستی ناوچەگەری گوڵی کرد و بە لاقی گێرایەوە و نەی هێشت توپەکە بچێتە ناو دەروازەکەوە. ئەو کارە ناحەزەی مەتین پور بوو بە نارەزایەتی ئیمە و خەڵکی و بوو بە شەر و تێکهەڵچوونی نێوان ئێمە و پاسەوانەکان. ئەو بارودۆخە وەك خۆپیشاندانێکی لێ هات و پاشان من و هیندیك لە هاورێیان بۆ ماوەی چوار رۆژ لە زیندانی شارەوانی راگیراین. لەئەنجامدا بە نێوانجیگەری کاک ئەحمەد سامبەگی و رەئیسی دادگا و دۆستانیتر ئازاد کراین.

وەچەی سیهەم یاریوانانی لاوی پێ گەیشتووو بوون کە بە تەکنیك و تاکتیکی دروست و زانستیی راهاتبوون. بە خۆشیەوە لەگەڵ ئەم لاوە پێگەیشتوانەش توانیم وەک یارێکەر و راهێنەر لە خەزمەت فوتباڵی شارەکەم دا تا ئەو جێیەی کە لە هێز و تواناییم دا بوو یارمەتیدەریان بم. لێرە دا پێویستە ئاماژە بە شتێک بکەم، ئەویش رێز گرتنی یاریوانەکان لە یەکتر و هەروەها لە من بوو. زۆر جار لە کاتی تەمرین دا توورە بوون و توندو تیژی دهاتە کایەوە، بەڵام هیچ کات بە دەڵیان نەدەگرت و بە پێچەوانە بە گیان و بە دڵ قسەکان و ئامۆژگاریەکانیان وەردەگرت. جا لێرەدا بە پێویستی دەزانم رێز و ئیحترامی خۆم بۆ هەر سێ وەچەکان بنێرم کە هەمیشە رێزیان لێ گرتووم و لە کارەکانمدا یارمەتیان داوم. بەو بیرەوەریە خۆشانەوە کە لەگەڵیاندا بوومە، بەختەوەرم. ئەوە بۆ من جێی شانازیە کە لە نێوان من و هەموو وەچەکاندا رێزلێگرتن و هەست بە پەیوەندییەکی ئەرێنی بەدی دەکرا.



تیمی پرسپۆلیس

راوەستان لە چەپەوە: عەزیز رەحمانی، فاروق ئیلخانی زادە، عومەر یەعقوبی، ئەنوەر مەردان بەگی، ئەمجەد مەردان بەگی، سمایل مەردان بەگی، کەماڵ حەسەن زادە

دانیشتوان لە راستەوە: خالید مەردان بەگی، ناسر ئەسکەندەری، سولەیمان نەوبەخت، عەلی دێهبەندی، سەعید رەحمانی، جەماڵ حەبیب زادە

له ساڵی 1352ی هەتاوی باوکم لەگەڵ براکانم بۆ شاری کاشمەر له ئوستانی خوراسان تەبعید کران. بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بوو، به تایبەت عوسمان ی برام لێم دوورکەوتبۆوە و هەستەم بەوە دەکرد که نیوەی جەستەم لێم جیا بۆتەوە. من و عوسمان تەنیا برا نەبوین، بەڵکوو وەك هاوڕێی یەکتریش وابووین. دوای چەند مانگێك بۆ دیداریان بەرەوە کاشمەر وەڕێ کەوتەم. دوای حەسانەوە له گەڵ عوسمان چوین بۆ یاریی فوتباڵ لەو شاره و له بەر ئەوەی عوسمانیان خۆش ده ویست ڕێزێکی زۆریشیان له منیشگرت. پاش چەند ڕۆژێك مانەوە له لایەن کاك ئەحمەد سامبەگی تەلەفۆنم بۆ کرا که زوو بگەڕێمەوە بۆ بۆکان. کاتێك گەڕامەوە، زانیم که له ئیدارەی تەربیەت بەدەنی بۆکان کردوویانم به بەرپرسی باشگای پینگ پۆنگ و لەش جۆانی کەئەوشوێنە پێشتر ئیدارەی کارەبای بۆکان بوو. له ساڵێ 1353 ی هەتاوی دا به رەسمی بووم به کارمەندی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی بۆکان و کار و باری فوتباڵ به من ئەسپیردرا.

با باسی بیرەوەرییەکی خۆشتان بۆ بکەم: له ساڵی 1350 له یارییەکی دۆستانەدا له گەڵ سەقز لاقم شکا و بۆ دەرمان بردیانمە لای جەراحێکی خۆماڵی به ناوی مەلا حەمەدەمین که له تەنیشت قەپانی قاسم ئاغا چایخانەی بوو. ئەو کات هەموو ماڵێك تەلەفیزیۆنیان نەبوو. بۆ سەیری کێبەرکێی بۆکس له نێوان محەمەد عەلی و دژبەرەکەی کاتژەمێری سێ و چواری بەره بەیان لەگەڵ دۆستان لەم چایخانەیه له دەوری یەک کۆ ئەبوینەوە. دوای کێبەرکێکه دەڕۆیشتین بۆ سەروپێ خۆاردەن یان بۆ لای رەسووڵی سوولی (رەسۆڵ حەسەن زاده) بۆ دڵ و جەرگ خواردن. به هەر حاڵ، جەنابی مامۆستا بڕێك خەریکی ڵاقم بوو و لاقی بۆ هەڵبەستەم و رەوانەی ماڵێی کردمەوە. بارودۆخی لاقم رۆژ به رۆژ خەراپتر دەبوو و بیلامانێ زۆر ماسی بوو. کاتیک بۆ وینه گرتن له لاقم چوومه نەخۆشخانە، گوتیان دەبێت عەمەلیاتی بکرێ. دوای دوو رۆژ نەشتەرگەرییان له سەر لاقم کرد. که وه هۆش هاتمەوه له ژوورێك دا بووم که هونەرمەندی گەل مامۆستا حەسەن زیرەکیش بەهۆی نەخۆشی لەو ژوورەدا کەوتبوو. شەو و رۆژمان به قەسەی خۆش و گۆرانی و گێڕانەوەی بەسەرهات و چەرمەسەریه تالەکانی ژیانی مامۆستا ئەبرده سەر. ئەو چەند رۆژەی لەگەڵ ئەو هۆنەرمەنەده خۆشەویسته بووم، یەك له خۆشترین رۆژەکانی ژیانم به ئەژمار دێن. نەخۆشخانەم بەجێ هێشت، بەڵام جار و بار سەردانی مامۆستام هەر دەکرد. رۆحێ شاد بێت.

له ساڵی 1356 ی هەتاوی بۆ دەورەی مورەبیگەری دەرەجه ۲ چۆمه شاری دزفول له ئوستانی خوزستان و به سەرکەوتوویی گەرامەوه بۆکان.


پایان نامه دوره مربیگری فوتبال

آقای

دارنده شناسنامه شماره متولد ۱۳۲۷

دوره مربیگری درجه ۳ راکه درتاریخ

بمدت درشهرستان برگزار گردید

باموفقیت وبادرجه بپایان رسانیده است




له هەمانساڵدا کە من وەک ڕاهێنەر لەگەڵ لاوانی بۆکان بووم، لە کێبەرکێی لاوان لە ناوچەی مەهاباد پلەی یەکەم هاتینەوە. پاشان بۆ مەرحەلەی کۆتایی چووین بۆ شاری خۆی و ئەزموونی زۆر باشمان وەرگرت بەڵام چۆنکە هاوکات لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی خەڵکیی، دژی ڕژیمی پاشایەتی بوو، یاریەکانیش پەکیان کەوت و گەڕاینەوە بۆ بۆکان.

لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٦ و دەستپێکی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ بۆ دەورەی ڕاهێنەریی فوتباڵی دەرەجە یەك چووم بۆ شاری تاران کە لەژێر ڕاهێنەیێکی ئینگلیزیدا بەناوی کاڵین جونز و بە وەرگێڕیی کاپیتانی بەناوبانگی تیمی میللی ئێران بەناوی موستەفا عەرەب بەڕێوە دەچوو. بەڵام بەهۆی خۆپێشاندانەکان و نارەزاییەتیەکانی خەڵکی ئێران، ئەو دەورەیەش پەکی کەوت و کلاسەکان داخران.

ئەوکات بۆکان دوو تیمی بوو: پرسپولیس لەژێر چاوەدیری تەربیەتبەدەنی و تیمی پاس لەژێر چاوەدیری شارەوانی بۆکان بوو. هەر حەوتوویەك بەنۆبە یەکێک لەو دوو تیمە کێبەرکێیان دەبوو، سەرپەرشتی تیمی پاس مەرحوومی محەمەد ڕەسووڵ سوڵتانیان بوو کە مرۆڤێکی باش ودۆستی هەموو تیمەکان بوو. جاروبار داوای لێدەکردم لە تیمەکەیاندا یارمەتییان بدەم و یاری بکەم، منیش لەبەر خۆشەویستی کە لە هەمبەر ئەو مەرحوومە هەمبوو، بێ دڵیم نەدەکرد و یارمەتیم دەدان. یادی بەخێر بێت.



خۆشەویستان کاک محەمەد ڕەسووڵ سوڵتانیان وکاک ئەحمەدسامبەگی

مەرحوومی ئەحمەدسامبەگی مرۆڤیکی دەڵسۆز بۆ وەرزش و شارەکە بوو. هیچکات چاکەکانی لەیاد ناکەم. رۆحی شادبێت. بیرەوەریم لەگەڵ ئەو مەرحوومە یەکجار زۆرن، بۆ وێنە کاک ئەحمەد گەلێک تەعەسوبی لە پەیوەندیی تیمە وەرزشییەکان بەگشتی هەبوو. جا لەبەر ئەم خۆشەویستیەی سەبارەت بە بۆکان و یارییەکانی، لە کاتی کێبەرکێدا بەتایبەت ئەو کاتەی خۆی داوەری دەکرد، کاتێك تیمی بۆکان وەدوا دەکەوت، لە ئاخرین خولەکانی یارییەکەدا خەڵکەکە وێکڕا هاواریان دەکرد: "ئای سامبەگی کاتی هاتۆوە"، بەو مانایە کە پنالّتیمان بۆبگرە! کاک ئەحمەدیش بە هەر جۆرێك بایە بەهانەیەکی دەدۆزیەوە و پنالّتی بۆ دەگرتین.

لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە کەسانێکی وەرزشوان کە لە بۆکان کارمەند بوون یا بە هۆی خزمەتی سەربازی لە بۆکان دەژیان و فوتباڵیان دەکرد بریتیبوون لە: باقی بەهیار(مەهاباد)، رەزا بوی ئەفزار(شاهێ)، ئۆسانلو(تاران)،بەهار ئامیز(ورومێ)،عیسی سروشان(تاران).



عیسی سروشان باقی بهیار



ڕێ و ڕەسمی سپاس و پێزانین بۆ ڕەزا بوی ئەفزار یاریکەری فوتباڵ بەهۆی کۆتایی خەزمەتی لە بۆکان

لە چەپەوە : ڕەزا بوی ئەفزار، فاروق ئیلخانی زادە، مەحموود حیسامی، ئیسلام دوست ( ڕەئیسی دادگاه) پارسا (ڕەئیسی ئاموزش و پەروەرش)، مەرحوومی ئەحمەد سامبەگی، ڕەزا نەسیری، فەتاح ئیلخانی زادە(کوڕی حاج ئیسمائیل ئاغا)، مەرحوومی عومەر عەزیزنیژاد.

ئەم بەڕێزانەش لە خۆشی و ناخۆشی دا لە ناو و دەرەوەی بۆکان هەموو کات یارمەتیدەرمان بوون کە جێی خۆیەتی ڕێزیان لێ بگرین، حاج عەولا مسگەری، وەستا مەحموود خەیات ( کوڕی حاجی دەرویش) وەستا حەمەساڵە شاوێردی، وەستا ساڵە حەق پوور، عەلی پاڵەوان، کاک ڕەحمان شارەداری، ئەبووبەکر مەردانبەگی، مینە سەلمانی، وەستا ئەحمەد خەیات، برایم ئەکبەری(برایم ناوە)، سەید جەعفەر قادری کارمەندی نەخۆشخانە و زۆر کەسی تر کە ناوەکانیانم لە بیر نەماون و بەو هۆیە داوای لێ بووردییان لێ دەکەم.

له ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی له کێبەرکێی جامی حەزفی ئێران دا بۆکان له ناو ئوستانی ئازەربایجان دا هەوەڵ هاتەوه و بوو به نوێنەری کێبەرکێی لەگەڵ تیمی سوپاهانی ئیسفەهان و یارییەکی باشمان لەگەڵ کردن، بەڵام له تەفاوەتی گۆڵدا له چوون و هاتنەوه بەوانمان دۆڕاند.

پانزده ساڵه له وڵاتی هولاند له شاری ئارنەهیم دەژیم، لەم شاره زەوی فوتباڵ و ئیمکاناتی وەرزشی یەکجار زۆرن و تەنیا له گەڕەکی ئێمه پینج زەوی بوو فوتباڵ لێیه. کاتێك لەگەڵ وڵاتی خۆمانی هەڵدەسەنگێنم، زۆریان جیاوازییه و لەخۆوه نییه که بەو ناوچەیه کانگاێ فوتباڵی پێدەڵێن. دوای خۆ ناساندنم به بەڕیوەبەرانی فوتباڵی شارەکه، له ساڵێ 2004 ی زایینی بووم به راهێنەری لاوانی ناوچەی خۆمان و پاش چەند ساڵ خەزمەت لەم بوارەدا بەداخەوه به هۆی نەشتەرگەری له سەر پشتم بۆ هەمیشه ماڵئاواییم له فوتباڵ کرد.




تیمی لاوان به راهێنەریی کاك فارووق. دوایین وێنەی کاك فارووق لەگەڵ تیمی لاوان

(له سەرەوەی وێنەکەدا به هولەندی نووسراوه: "هەموو کات له یادی تۆ داین")




تیمی فوتباڵی بۆکان له شاری بەهاری هەمەدان

راوەستاوله راستەوە: عەزیز رەحمانی، کەماڵ نەزەری، یاسر قاسمی، عەلی دێهبەندی، فارۆق ئیلخانی زادە، محەمەد نەعلبەندی، حوسین عەباس زادە، کەماڵ حەسەن زادە، خالید قەلعە کووهی، مەرحووم مەنسور مەردانبەگی، سمایل سۆلتانی، رەحیم عەبدوڵا زادە، حەمەرەش

دانێشتووان لە چەپەوە: ئەنوەر مەردانبەگی، موستەفا کاک ئەڵاپوور- ئەمجەد مەردانبەگی، جەعفەر فەرامەرزی، مەحیەلدین مەجیدی- عەلی خودامۆرادی - کاک یۆنس - جەعفەر مەڵامەحمۆدی-مەسعود حەسەنیانی-عەبدۆلا ئاهەنگەری، مەرحووم نادر ئەسکەندەری، عەلی نادری




کێبەرکێی تیمی پرسپولیس لەگەڵ تیمی شاری تەورێز - کاک فاروق کاپیتانی پرسپولیس و کاپیتانی تەوریز لە حاڵی گۆرینەوەی پەرچەمی تیمەکان(ۆینەی چەپ، لەگەڵ تیمی چی چیست ورمێ)

لە چەپەوە: مەرحووم عومەر عەزیزنیژاد، مەرحووم محەمەد رەحمانی، ساڵح شیرمحەمەدی، مەرحووم برایم وەلیزادە، ئەنوەر ئەسکەندەری، جەعفەر مەردانبەگی



تیمی پرسپولیس: راوەستاو لە چەپەوە: خالید ئیسلام زادە، سولەیمان نەوبەخت، حەسەن شێخیان، یۆسف نەوبەخت، فاروق ئیلخانی زادە، ئەمجەد مەردانبەگی و ناسر ئەسکەندەری

دانیشتوان لە راستەوە: ناسر رەحمانی، عەلی دهبەندی، عەزیز رەحمانی، عەزیز کەریمی، مەرحووم نادر ئەسکەندەری



تاران، کلاسی مورەبیگەری ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی لەگەڵ عەلی ڕەزا برزگری یاریکەری تیمی میللی ئێران و تیمی پرسپۆلیسی تاران



تیمی هەڵبژاردەی بۆکان، راوەستاو لە چەپەوە: عەزیز ڕەحمانی، حوسێن عەباس زادە، مستەفا کاکەلاپوور، عەلی خودامورادی، محەمەد ڕەحمانی، عەلی چڵکن

دانیشتوان لە راستەوە: کەماڵ حەسەن زادە، فاورووق ئیلخانی زادە، عەلی دهبەندی، مەرحووم نادر ئەسکەندەری، ئەمجەد مەردان بەگی.

لە شاری بۆکان وەرزشی بەدمینتۆن نەبوو و خەریکی دامەزرانی بوین کە لە ساڵی ١٣٥٢ ی هەتاویدا لە شاری مەهاباد کلاسی بەدمینتۆن دانرا. لە لایەن ئیدارەی تەربیەت بەدەنی بۆکانەوە بڕیاریان دا کە کەسێك بە نوێنەری بۆکان لەو کلاسە بەشداری بکات، کە منیان بۆ بەشداری هەڵبژارد و دەورەکەم تەواو کرد.

ماوەیەك بەر لە ئێستا خەبەری فەوتی کاك نادر ئەسکەندەریم پێ گەییشت. خەبەرێکی زۆر ناخۆش بوو. نادر کوڕێکی زۆر باش و وەرزشکارێکی زۆر بە توانابوو. یادی بەخێر. چەند وەرزشوانی وەك نادر ئەسکەندەری، عەزیز ڕەحمانی، عەلی دهبەندی و ئەمجەد مەردانبەگی نەتەنیا بازیگەرێکی باش بوون بەڵکوو لێهاتوویی راهێنەری وەرزشی فوتباڵیشیان هەبوو.



بەر قاوەخانەی مام عەوڵا نزیك شارەبانی لە چەپەوە: جەعفەر ئێڵخانی زادە- عومەر موهتەدی-فاروق ئێڵخانی زادە- یۆنس کەڕ- جەعفەر مەردان بەگی



گەرانەوە لە ورمێ و کێبەرکێی ئامۆزشگاهێ: راوەستاو لە راستەوە: خالید مەردان بەگی- عوسمان ئیلخانی زادە- جەعفەر مەردان بەگی- مەرحووم ئەحمەد عەبدولاهی- مەرحووم عوسمان کاوەیی-خالید قورەیشی- جەعفەر عەلیار- جەعفەر کازمی- هاشم چابۆک- مەرحوومی هاشم کووچەری-حەسەن سوڵتانیان

دانیشتوان لە چەپەوە:ساڵە شیرمەحمەدی- مەرحوومی برایم وەلیزادە- عەلی سۆفی- فارووق ئیلخانی زادە- حوسێن عەبدوڵاهی- حوسێن سۆڵتانیان- ئەحمەد پاکار- مەحمەد نەعلبەندی- جەمشید عەلیار- مەرحووم مەحمەد مەحمەدی



تیمی بۆکان- لە چەپەوە:سەرپەرەست حوسێن عەبدۆڵاهی- فاروق ئیلخانی زادە- عوسمان توتەنچی-عوسمان ئیلخانی زادە- عوسمان عەزیزی- برایم وەلیزادە- مەحمەد مەحمەدی- ئۆسانلۆو- دانیشتوان لە راستەوە: رەزا بوی ئەفزار- جەمشید عەلیار- جەعفەر عەلیار- سەلاح حەبیب زادە-ئەحمەد فیزی. دو کەس لەم یاریکەرانە کە لە پێش دا باسم کردەبوو رەزا بویئەفزار خەڵکی شاری شاهی و ئوسانلۆ خەڵکی تاران بوون و تا کۆتاییی مەئمورییەتەکەیان لە بۆکان خزمەتیان بە فوتباڵی شارەکە کرد.



کێبەرکێی لەگەڵ تیمی سەقز "گۆڕینەوەی بیرەوەری، کاک فارووق لەگەڵ عەدوو"



له چەپەوە - فاروق ئیلخانی زادە -محەمەد محەمەدی- جەعفەر عەلیار- رەزا نەسیری- ئەحمەد پاکار

دیارە زۆربەی یاریزانان بە هۆی لە دەست دا نەبوونی وێنەکانیان ناویان نەهاتووە.  ئەم بەرێزانە بریتین لە: مەرحوومی کەماڵ فەتحی- جەماڵ فەتحی- سەلاح حەبیب زادە- مەرحوومی عەبدولخالق رەحیمیێ- کەماڵ کووچەری- فەرامەرز مەلکپوور- عەزیز فەرامەرزی- کەریم فەرامەرزی- سەعید فەرامەرزی- مەحمەد غەوسی- قادەر مەعرووفی- قادەر حوسێنی- بیژەن وەلی زادە- جەعفەر تەرشودە- بەهمەن حیسامیێ- سولەیمان تەحریریان- کەماڵ خوسرەوی- حەسەن عەباس زادە-جەعفەر عەباس زادە- نەجمە تەوحیدی- شەهید مەحمود سوڵتانی- ئەحمەد رەحمانی- حەمید عەباس زادە- و زۆر کەسانی تر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیرەم نەماوەو و داوای لێ بووردنیان لێ دەکەم.